سەرۆك کۆمار جەخت لەگرنگی بەهێزکردنی پێوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان عێراق و بریتانیا دەکاتەوە

سەرۆك کۆمار د.لەتیف جەمال رەشید پێشوازیکرد لە ستیڤن چارلس هیچن باڵیۆزی بریتانیا لە عێراق.

سەرکایەتی کۆمار باویکردەوە لەدیدارەکەدا، کە لەکۆشکی بەغداد بەڕێوەچو، سەرۆك کۆمار جەختی لەگرنگی بەهێزکردنی پێوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان عێراق و بریتانیا و فراوانکردنی ئاسۆی هاریکارییە ئابوری و وەبەرهێنان و تەکنەلۆژییەکان و روبەڕووبونەوەی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا کردەوە.

هەروەها سەرۆك کۆمار ئاماژەی بەسەقامگیری ئەمنی و سیاسیی وڵات و کاریگەرییە ئەرێنییەکانی کرد لە بوارەکانی ئابوری و خزمەتگوزاری و بژێوی، جەختیشی لە پەرەشیی عێراق کردەوە بە بەهێزکردنی پێوەندیی هاوسەنگ لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە لەسەر بنەماکانی دراوسێیەتی باش و بەشوێك، کە ئاسایش و سەقامگیری و سەروەریی نیشتمانی بپارێزێت.

لەلای خێوە باڵیۆزی بریتانیا جەختی لە خواستی وڵاتەکەی کردەوە بە بەهێزکردنی پێوەندییەکانی هاریکاری و دەستایەتی لەگەڵ عێراق و پشتیوانیکردنی لە بوارەکانی گەشەپەدانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و بونیادنان و ئاودانکردنەوەدا.